# روونکردنەوەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پرسی دەستگیرکردن و ئازادکردنی ئومێد بەرۆشکی

دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/٢٠ ئومێد بەڕۆشکی لە بەردەم باڵەخانەی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر، هەستا بە تەشهیرکردن و ناو زڕاندنی بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێش چاوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان بەبێ هیچ بەڵگە و بنەمایەکی یاسایی.

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەپێویستی دەزانێت بۆ ڕای گشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوونکردنەوەیەک لەسەر هۆکاری دەستگیرکردن و ئازادکردنی ناوبراو بخاتەڕوو بە پشتبەستن بە یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئەم جۆرە تاوانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە متمانەی ڕای گشتی و دامودەزگاکانی حکومەت هەیە، بەپێی ماددەی ٣ی یاسای بنەماکان ژمارە٢٣ ی ساڵی ١٩٧١ ی هەموارکراو لە هەرێم، ئەم تۆمەت و ناوزڕاندنە لەلایەن تۆمەتبارەوە لە دژی حکومەتی هەرێم بە (جريمة مشهودة) هەژمار دەکرێت، بەپێی ماددەی ١٢٣ لە یاسای ناوبراو لێکۆلەری تایبەتمەند بەپێی یاسا لە حالەتی استثنائی لەم شێوە دا دەتوانێت بانگهێشتی یاسایی و لێپێچینەوە لەگەڵ تۆمەتباردا بکات، بە مەرجێک لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار (تەشهیرکراو) سکاڵای نەبوو ئەوا بە پێی یاسا ئازاد دەکرێت.

ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار سکاڵای هەبوو لە ماوەی ٢٤ کاتژمێرەکەدا، ئەو کاتە داواکە دەخرێتە پێش بەڕێز دادوەری تایبەتمەند بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی کەسی تۆمەتبار. لەبەر ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سکاڵای پێشکەش نەکردووە لەسەر تۆمەتبار، بۆیە ناوبراو دەستبەجێ ئازاد کراوە.